
حاڵەتێکی تووشبوون بە تای خوێنبەربوون لە دهۆک تۆمارکرا



ئەمڕۆ شەممە ،وەزارەتی تەندروستیی هەرێم، رایگەیاند، حاڵەتێکی تووشبوون بە تای خوێنبەربوون لە دهۆک تۆمارکرا.

وەزارەتی تەندروستیی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، تووشبوویەکی دیکەی نەخۆشیی تای خوێنبەربوون لە هەرێمی کوردستان تۆمارکرا، ئەویش پیاوێکی دانیشتووی سەمەوە، تەمەنی 43 ساڵە پیشەی قەسابە، بەرکەوتەی ئاژەڵی تووشبوو بووە، دوای سەردانی نەخۆشخانە و گومانلێکردن بە نەخۆشییەکە و بوونی نیشانەکانی، چەندین رێکاری چارەسەری پزیشکی بە گیراوەتەبەر.

ئاماژەی بۆکرد، ئێستا لێژنەی چاودێری پزیشکی لە نەخۆشخانە خوێندراوە و چارەسەر وەردەگرێت و تاوەکو ئێستا باری تەندروستیی جێگیرە.

وەزارەتی تەندروستی وتیشی، داوا لە هاوڵاتیان دەکەین لەکاتی بوونی گومان و نیشانەکانی نەخۆشی لەسەر ئاژەڵ پەیوەستە تیمەکانی فۆتەرنەری ئاگادار بکەنەوە.